گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/spaygp41

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 24/04/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 18/07/2024
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/12/2025

# مۆدڵکاری و جەمسەرگرتن لە زماندا - ڕێژەیی و ڕەهایی دەربڕین لە کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامیی قۆناغی بنەڕەتی

**بەهمەن تاهیر نەریمان١ - نەوزاد ئەنوەر عومەر٢**

nawzad.anwer@koyauniversity.org bahman.t73@gmail.com

[١]بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، وەزارەتی پەروەردە، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[٢]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

لەم توێژینەوەدا زمانەوانیی ئەرکی، بە دیدی مایکل هالیدای، بۆ شیکردنەوەی چەند دەقەوانەیەکی کتێبەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەی ئیسلامی-قۆناغی بنەڕەتی، بەکارهاتوە. بۆ دەرخستنی زمانی ڕێژەیی و زمانی ڕەها و دەرکەوتنی لەناو "دەقەوانە"کاندا سود لە جەمسەریبونی زمان لای "مایكل هالیدای" وەرگیراوە. لەم ڕێیەوە ئەوە دەردەکەوێت قوتابی تا چەندە بیروبۆچونە ئاینییەکانی بەشێوەیەکی ڕێژەیی یان ڕەها لە ئاوەزیدا دەچێنرێت، وەزارەتی پەروەردە دەیەوێت ئیسلام وەک بابەتێک بە "تەلْقین" وەربگیرێت و تاک ئازادانە هەڵینەبژێرێت، یان دەقەوانەکان وا دارێژراون قوتابی ئازادانە بیر لە ئاین بکاتەوە و توانای گومان و دەربڕینی بیری ئازادی لەسەر ئیسلام بۆ دروست ببێت.

میتۆدی شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار کار لەسەر شیکردنەوە و دەرخستنی گوتاری دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیا دەکات کە دەق لە بەستێنی تایبەتدا بەرجەستەی دەکات. لەم توێژینەوەیەدا، ئەم میتۆدە بە دیدی "نۆرمان فێرکلاف"یش بۆ ئەوە بەکارهاتوە تا بزانرێت ئەم ڕێژەیی و ڕەهاگەرییەی زمان چ دەسەڵاتێکی سیاسی لە پشتییەوە ئامادەیە، چونکە دەسەڵاتێکی سیاسی لە پشت هەر پەروەردەیەکی فەرمی و مۆدێرنەوە هەیە و برەوی پێدەدات. دەسەڵاتێکی ڕەهای نادیموکرات دەیەوێت قوتابی وا گۆشبکات "وەربگرێت و جێبەجێبکات"، لەوێوە تاک بۆ دەسەڵاتێکی نادیموکرات ئامادەبکات، لەبەرانبەردا دەسەڵاتێکی دیموکرات دەیەوێت قوتابی بە بیری ڕەخنەیی پەروەردەبکات، ڕێ بۆ ئەوە خۆشدەکات بابەتەکان ڕێژەیی وەربگرێت، لەوێشەوە تاک بۆ دەسەڵاتێکی دیموکرات پەروەردە دەکات، کە لە ڕەخنەگرتن و دەربڕینی دیدی خۆی ئازادبێت.

لەم توێژینەوەدا دەربڕینی جەمسەری و نێوان جەمسەری بەراوردکراوە، ئەویش لەڕێی دەرخستنی ئەو وشانەی مۆدالکاریی دەنوێنن، لە بەرانبەر ئەو وشانەی جەمسەریی دەنوێنن. هەروەها هەوڵدراوە ئەوە دەربخرێت ئایا دانەرانی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی لەو قۆناغەدا لایەنگر یان بێلایەنانە دەقەوانەکانیان نوسیوە؟ ئایا تەنیا ویستویانە زانیاری بە قوتابی بدەن، یان ئیمانێکی نەگۆڕ لە بیریاندا بچەسپێنن؟

**کلیلە وشەکان:** زمانەوانیی ئەرکی، شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار، جەمسەرگرتن، مۆدالکاری.

# Modality and Polarization in Language - Relativity and Absoluteness of Expression in Primary School Islamic Education Textbooks"

**Bahman Tahir Nariman [1] - Nawzad Anwar Omer [2]**

[1]General directorate of education/Sulaymaniyah, ministry of education, Sulaymaniyah city, Kurdistan region, Iraq.

[2]Kurdish Department, College of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This research employs the framework of functional linguistics, as elucidated by Michael Halliday, to analyze a selection of Ministry of Education textbooks concerning Islamic Education at the Primary Stage. Through the lens of Halliday's concept of language polarization, the study explores the manifestation of relative and absolute language in these textbooks and its implications for students' acceptance of religious views. It also investigates whether the educational approach treats Islam as a subject of indoctrination or encourages students to critically engage with it.

Additionally, the study utilizes the methodology of critical discourse analysis, as outlined by Norman Fairclough, to examine the political dimensions influencing the use of relative and absolute language in education. It probes whether educational practices reflect an authoritarian agenda focused on passive reception of information or promote critical thinking conducive to democratic governance.

By scrutinizing polar and interpolar expressions, particularly words conveying modality and polarity, the research assesses the degree of bias or impartiality in the formulation of Islamic education textbooks. It seeks to discern whether the authors primarily aim to inform students or to foster unwavering faith.

**Keywords:** Functional Linguistics, Critical Discourse Analysis, Polarization, Modality.

## پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە "مۆدلکاری و جەمسەرگرتن لە زماندا- ڕێژەیی و ڕەهایی دەربڕین لە کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامیی قۆناغی بنەڕەتی"، لەڕێی دەرکەوتنی تەکنیکەکانی زمانی ڕێژەیی و ڕەها، ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ئەو ئاوەزمەندییە پەروەردەییە بخوێنێتەوە کە لە ڕێی کتێبەکانی "پەروەردەی ئیسلامی، قۆناغی بنەڕەتی" لەناو قوتابیاندا دەچێنرێت. کێشەی توێژینەوەکە ئەوەیە "ئایا پەروەردەی فەرمی میری لە ڕێی وەزارەتی پەروەردەوە ڕەهاگەرە یان ڕێژەگەر، تاکێک پەروەردە دەکات زمانی دەربڕینی وا بەرجەستەبێت تەنیا خۆی بەڕاست و ئەوانی تر بە هەڵە بناسێت، یان ئەم کتێبانە ئەوە بە قوتابی دەناسێنن بۆ گەیشتن بە ڕاستی یەک ڕێ نییە و چەندین ڕێ هەیە مرۆڤ بیگرێتەبەر". بۆ تێگەیشتن لەم پرسە پشت بە "مۆداڵکاری و جەمسەریبون لە زماندا" بەستراوە. پێوەرەکەش ئەوەیە هەتا دەربڕینی مۆداڵکاریی لەناو دەقەوانەکاندا زۆربێت، ڕێژەییبونی ڕاستی زیاتر خۆی دەردەخات و ئاوەزی تاک لەگەڵ فرەییدا زیاتر

دەگونجێت، بە پێچەوانەشەوە، هەتا جەمسەرییبون لە زماندا زیاتربێت، تەنیا خۆ بەڕاستزان و ڕەهاگەریی زیاتر دەردەكەوێت و خزمەت بە ئاوەزمەندیی تاكڕەویی دەكات.

ئامانجی توێژینەوەكە، لەڕێی زمانەوانیی ئەركییەوە، دەرخستنی چۆنیەتیی دەربڕینی دەقەوانەكانە، تا لەو ڕێیەوە لایەنداری و بێلایەنی ئەو مەعریفەیەمان بۆ دەربكەوێت كە لە ڕێی كتێبەكانی پەروەردەی ئیسلامییەوە، میری دەیەوێت لەناو ئاوەزی قوتابیدا بیچێنێت.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە بابەتی كتێبێكی وەزارەتی پەروەردە"پەروەردەی ئیسلامی" كردوەتە نمونەی كارلەسەركراو، تیشكدەخاتەسەر پەروەردەی فەرمی، لە ڕێی ئەم وەزارەتەوە ئایا مرۆڤی ئێمە بۆ بیركردنەوەیەكی ڕێژەیی ئامادەدەكرێت و لەوێشەوە باوەڕی بە فرەیی هەبێت یان بیركردنەوەی ڕەهاگەر لەناو تاكدا دەچێنێت. هەروەها، توێژینەوەكە هاریكاریی وەزارەتی پەروەردە دەكات تا ڕونتر بزانێت لە پشت كتێبەكانەوە چ مۆدێلێك لە ئاوەزمەندیی تاك باردەهێنرێ. لەلایەكی ترەوە، بابەتێكی نوێیە و هاریكاریی توێژەران دەكات ئاوڕی لێبڕاوانە لە بابەتی فەلسەفەی پەروەردەیی هەرێمی كوردستان بدەنەوە.

میتۆدی توێژینەوەی بەكارهاتو "شیكردنەوەی ڕەخنەیی گوتار"ە بە دیدی "نۆرمان فێركلاف"، هەروەها "زمانەوانیی ئەركی"ی بە دیدی "مایكل هالیدای"بۆ شیكردنەوەی دەربڕاوەكان بەكارهێنراوە.

نمونەی وەرگیراو لە كتێبەكانی قۆناغی بنەڕەتی پۆلەكانی (٤،٥،٧،٨،٩) وەرگیراون، نمونەكان بەپێی نمونەوەرگرتنی هەڕەمەكیی سادە-Simple Random Sampling وەرگیراون، كە شێوازێكی نمونەوەرگرتنی ئەگەری- Probability Samplingیە، بۆ وەرگرتنی نمونە لە كتێبەكانی خوێندنی قوتابخانە شێوازێكی كارپێكراوە.

توێژینەوەكە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت، كە كتێبی پەروەردەی ئیسلامی لە قۆناغی بنەڕەتی دەربڕاوەكانی جەمسەرین و ڕەهاگەری لە ئاوەزمەندیی قوتابیدا دەچێنێت، یان دەربڕاوەكان بە "وشەكانی مۆداڵكاری" ڕێژەیی كراونەتەوە و ڕێژەگەری لە ئاوەزی قوتابیدا دەچێنێت. هەروەها دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارەشی دەستبكەوێت كە ئایا دانەران و ئامادەكارانی ئەم كتێبانە لایەندارانە زانیاریی ناو كتێبەكانیان دارشتوە یان بابەتی و بێلایەنن و تەنها ویستویان زانیاریی بگەیەنن؟

توێژینەوەكە لە سێ بەش پێكهاتوە، بەشی یەكی كورتەیەكی لایەنی تیۆرییە و جەمسەرگرتن و مۆداڵكاری لە زماندا ڕوندەكاتەوە، دواتر هەندێك نمونەی ناو كتێبەكانی پەروەردەی ئیسلامی هێنراوەتەوە. بەشی دوەم و سێیەم تەرخانكراوە بۆ لایەنی كارەكی، لە بەشی دوەمدا دابەشبونی ڕستە باسكراوە، تێیدا ڕێژەییدەربڕین و ڕەهاییدەربڕینی بیرۆكەكان ڕونكراوەتەوە. لە بەشی سێدا مۆداڵكاریی خودخوازی و بابەتەخوازی باسكراوە و لەو ڕێیەوە دیدی لایەنداری و بێلایەنیی دانەران و ئامادەكارانی كتێبەكان ڕونكراوەتەوە، لە كۆتایشدا ئەنجام و سەرچاوەكانی توێژینەوەكە خراوەتەڕو.


## بەشی یەک: تیۆری

### ١-١: جەمسەرگرتنی زمانی

جەمسەرگرتنی زمانی ئەو لایەنەی دەربڕاوەكانی زمان دەگرێتەوە كە تێیدا بە شێوەیەكی ڕەها بیرۆكەكان دەردەبڕدرێن و هیچ گومان و دودڵییەک لەناو دەربڕاوەكاندا دەرناكەوێت. بەڵام مۆداڵكاری، تەواو بەپێچەوانەوەیە، لە هەندیك باردا، دەربڕاوەكان بەشێوەیەكی ڕێژەیی بیرۆكەكان دەردەبڕن و گومان و دودڵی و ئەگەر لەناو بیركردنەوەی ئەو كەسەی بیرۆكەكانی دەربڕیوە دەگەیەنێت، ئەمەش لەڕێی ئەو وشانەی كە مۆداڵكاریی دەگەیەنن، جێبەجێدەكرێت.

دیدی ڕەهایی لە ئاستی زماندا جەمسەرییانە دەردەکەوێت، واتە یان ئەرێی بابەتەکە دەکات یان نەرێی دەکات، "نۆرمان فێرکلاف" بۆ ڕونکردنەوەی جەمسەرگیری لە زماندا بەم شێوەیە ڕونیدەکاتەوە "هەندێک کەس وا باسی زەویی دەکەن کە 'زەوی تەختە'، بۆیە بەشێوەیەکی یەکلاکراوە دەریدەبڕێت و دەڵێت 'زەوی تەختە' یان نکوڵی لێدەکات کە 'زەوی تەخت نییە'، لێرەدا دەربڕاوەکان ڕەهان و گومان هەڵناگرن. بەڵام لەنێوان ئەم دو بڕیاردا، زەوی تەختە یان تەخت نییە، دەکرێت بژاردەی تر هەبێت کە نە ئەوەندە ڕەهابێت و نە ئەوەندەش نەرێکەر بێت: بۆ نمونە "ڕەنگە، پێدەچێت، ئەگەری هەیە، زەوی تەخت بێت"، ئەم دەربڕاوە ئەگەرییانە کایەی مۆدالْکاری دەگەیەنن، لە مۆدالْکاریدا ڕەهەندەکانی ڕستە لەگەڵ ئەرکی 'نێوان کەسی' زمان هاوتادەبێتەوە" (Fairclough, 1992: 158). واتە لە مۆدلْکاریدا جگە لەوەی دەربڕاوەکان ڕێژەیی دەردەکەون، لە هەمانکاتیشدا بەهۆی ئەرکی نێوانکەسییەوە، دیدی کەسەکانیش بۆ ئەو پرسە دەخاتەڕو.

جەمسەرگرتن-Polarization: یان ئەوە، یان ئەو نییە، یان هەیە یان نییە. جەمسەری ئەرێنی و جەمسەری نەرێنی هەیە، لە هەردو سەرەوە ڕەهایە."مایکل هالیدای" لەم نەخشەدا ئەو دو جەمسەرییە دەردەخات( Halliday M A K , 2014 :22):




بۆ نمونە:

مرۆڤی موسڵمان بەهۆی نوێژەوە لە ناموسڵمان **جیادەکرێتەوە**(عەبدوڵا بابان و ئەوانی، حەوتی بنەڕەتی، ٢٠١٣: ٤٥).

لەم ڕستەیەدا:

1 - دەربارەی نوێژ لە ئیسلامدا زانیاریی داوە.

2 - زانیارییەکە لە ئێستادا لە کاردایە.

3 - زانیارییەکە بەتەواوی بەیەکلاکراوەیی دەربڕاوە، ڕاهایە و جەمسەرییە و ڕێژەیی نییە.

4 - زانیارییەکە جەمسەری ئەرێنی گرتوە.

5 - زانیارییەکە ئەمەیە: موسڵمان کاتێک پێیدەوترێت موسڵمان نوێژبکات. ئەمە ئەرکی "بیرۆکەی"یە، کۆی زانیارییەکان ئەرکی بیرۆکەییان هەڵگرتوە. بەڵام کە جەمسەریی وەردەگرن ئەرکی "نێوانکەسی"شیان هەڵگرتوە، کەسێک دیدی بەرانبەر کەسێکی دی دەردەبڕێت، کە نوێژی کرد موسڵمانە، لەوانەشە لەسەر کردن و نەکردنی نوێژ بەرانبەر هەڵوێستی بگۆڕێت و پەیوەندییەکان دیاریبکرێن.

ڕستەکە بەشێوەیەکی دو جەمسەری دەربڕدراوە، لای کەسەکە دیدی بیرۆکەیی ئەوەیە موسڵمان ئەو کەسەیە نوێژبکات، جەمسەری ئەرێ دەگرێتەبەر، بۆ کەسێکیش بڕوای بەمە نەبێت، جەمسەری نەرێ دەگرێتەبەر، دەربڕاوەکە ئەگەر نەرێبکینەوە، بەم شێوە دەردەبڕدرێت (مرۆڤی موسڵمان بەهۆی نوێژەوە لە ناموسڵمان **جیاناکرێتەوە**). دەکرێت لەنێوان ئەم دوانەدا هەڵبژاردنی تر هەبێت، نەک هەر دەبێت ئەو دوانەبێت، بەڵام دەربڕاوە وەرگیراوەکە، لەنێوان ئەم دوانەدا هەڵبژاردنی تری وەرنەگرتوە.

موسڵمان سەردانی برای موسڵمانی نەخۆشی دەکات(عەبدوڵا بابان و ئەوانی تر، هەشتی بنەڕەتی، ٢٠١٦: ٢٥).

بابەتەکە بۆ ئەم پرسە ئەوە نییە لە بنەڕەت و لە بویەر-واقعدا سەردانی دەکات یان نا، بەڵکو مەبەست دەرخستنی جەمسەری یەکلاکەرەوەی قسەکەر/نوسەرە. واتە دەربڕاوەکە ئەوەی یەکلاکردوەتەوە کە "موسڵمان سەردانی برای موسڵمانی نەخۆشی دەکات" و دوڵیی تێدا نییە و ئەمە سیفەتێکی جیانەکراوەی موسڵمانە، بۆیە دەربڕاوەکە جەمسەرییە و ڕەها دەربڕاوە و ڕێژەیی نییە.

مۆداڵکاری ئەو وشانە لەخۆدەگرێت کە دەربڕاوەکان لە ڕەهایی دەخەن و ڕێژەییان دەکەنەوە، لەنێوان دو جەمسەری "ئەرێ و نەرێ"دا دەربڕاوی تری ڕێژەیی هەن، "لەنێوان ئەرێی ڕەها و نەرێی ڕەهادا دەکرێ چەندین ڕێی تر بگرینەبەر بۆ دەربڕینی ڕاستییەک کە کەمتر ڕەهابن، بە ئەرێ یان نەرێ. ئەم ڕێیانە گوتن یا ڕستەی مۆداڵکراو پێکدێنن جا لە جۆری ئەگەری دانان بێت یان عادەتی یان سەپاندن یان ئارەزو"( فەرهادی، ٢٠٠٨: ٨٥)[1] .

## ١-٢: مۆداڵکاری


"مۆداڵکاری" ئاماژەیە بۆ ئەو سەرچاوە و ستراتیژییە زمانەوانییانەی کە بۆ دەربڕینی هەڵوێست، بۆچون، هەڵسەنگاندن، باوەڕ و ئاستی دڵنیایی قسەکەر/نوسەر لە چوارچێوەی گوتارێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن. چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بۆ گەیاندنی پلەی جۆراوجۆری ئەگەری و دید و هەڵوێستی خودی لەخۆدەگرێت. ئەمەش لە شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاردا گرنگە، چونکە لەڕێی زمانەوە چۆنیەتیی بنیاتنانی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا و دیدی کۆمەڵایەتی ڕوندەبێتەوە. مۆداڵکاری ئاماژەیە بۆ ئەو ناوچەیەی واتا کە لە نێوان بەڵێ و نەخێردایە، زەمینەی نێوان جەمسەری ئەرێنی و نەرێنی دیاریدەکات(Halliday, 2014: 618). بەم دیدەی "هالیدای" بێت، مۆداڵکاری واتە دەربڕینی بیری ڕێژەیی[2] بەرانبەر دیاردەکانی ژیان، هەروەها لە هەمانکاتیشدا دەرکەوتنی دەسەڵاتی قسەکەر/نوسەر لەناو ئەو وشە مۆداڵکاریانەدا، چونکە تا وشەی مۆداکاریی لە دەربڕیندا زیاتر دەربکەوێت، دەسەڵاتیش لە ڕەهاییەوە دەبێت بە ڕێژەیی و کەمتر دەردەکەوێت.

کە زمان بەکاردێنین، هەڵوێست و ڕوانینمان بۆ ژیان و دیاردەکان دەردەبڕین، هەڵوێست هەیە یەکلاکەرەوەیە و پاشگەزونەوەی تیانییە، هەڵوێستیشمان هەیە پاشگەزبونەوەی تیایە و نادڵنیایی تیایە، خاڵی شلۆق و کێشە لەسەری تیایە، وەرگرتن و ڕەتدانەوەی تیایە. هەندێک جار ئەو بیرۆکەیەی بەرانبەر شتێک دەریدەبڕین لێی دڵنیانین، بۆیە مۆداڵکاری بۆ کارەکان زیاددەکەین تا ئەگەری، عادەتی، بەخورتی، ئارەزوی خۆمان دەربڕین، نەک ڕاستییەکی ڕەها دەربڕین.

نوێژی هەینی لەسەر موسڵمانی نێرینە ئەرکە (عەبدوڵا بابان و ئەوانی تر، حەوتی بنەڕەتی، ٢٠١٥: ١٨). ئەم ڕستەیە هەڵگری ئەرکی بیرۆکەیە و لەم بەستێنەی ئەم کتێبەدا زانیاریی دەگوێزێتەوە، ئەرێیە و بەخورتییە، بەڵام ئەگەری ئەوەشی تێدایە لەسەر ژن ئەرک نەبێت.

ڕۆڵی سیستەمی مۆداڵکاری بریتییە لە ڕونکردنەوەی ناوچەی نادڵنیایی-uncertainty region، کە دەکەوێتە نێوان "بەڵێ" و "نەخێر"ەوە. لەنێوان دڵنیایی "ئەوەیە" و "ئەمە نییە"، ڕێژەی تر هەن، ئەگەرەکانی "دەبێت ببێت"، "ڕەنگە ببێت" و "پێدەچێت ببێت"و هی تریش هەن. بە هەمان شێوە لە نێوان یەکلاکەرەوەی "بکە!" و "مەکە!" بژاردەی تر هەن: "دەبێت بیکەیت"، "باشترە بیکەیت و ڕەنگە بیکەیت"یش هەن. "هەندێک جار یان ڕەنگە"، ئەم پلە مامناوەندانە، لە نێوان ئەرێنی و نەرێنی جەمسەرەکاندا، هەمویان بە مۆداڵکاری ناسراون( Halliday and Christian Matthiessen, 2004: 147).

مۆداڵکاری ئەو جۆرە ڕوکارە زیادانەن کە لە ڕستەدا زانیاریی زیادە و ئارەزومەندانە دەگەیەنن، وەک: هەندێجار، زۆربەی کات، ڕەنگە، پێدەچێت... ئەمانە مۆداڵکاری دەنوێنن و مانای مۆداڵکاری دەردەخەن و شتەکان لە ڕەهایی دادەبەزێنن، پێیشیان دەوترێت یاریدەدەرکانی بار-mood adjunct یان پێیان دەگوترێت پاشکۆکانی مۆداڵکاری بارودۆخی-adjuncts of circumstantial modality، ئەرکی جۆراوجۆریان هەیە و دەشکرێت لە ڕستەدا لاببرێن. هەروەها ئەرکی نێوانکەسی دەردەخەن، چونکە گوزارشت لە دید و هەڵوێستی قسەکەر یان کەسەکە دەکەن. هالیدای(٢٠١٤: ٦٩١) لەم نەخشەدا "نێوان جەمسەری" بەم شێوەیە دیاریدەکات:




ئاستەکانی نێوان جەمسەریی بەپێی دیدی هالیدای

"هالیدای" لەم دایەگرامەدا سنوری نێوان جەمسەرەکانی (دەکرێت/ناکرێت، ببێت/نەبێت) بە سێ ئەگەری (بەرز، مامناوەند، نزم) دیاریدەکات، ئەمە بەو مانایە نییە تەنیا ئەم سێ ئاستە هەن، بەڵکو لە نێوان ئەو ئاستانەشدا هی تر هەن. "بەرز" پابەندبـون دەردەخات، "مامناوەند" ئەگەری هەڵبژاردنی لەلایەن نوسەر/قسەکەر و خوێنەر/بیسەرەوە وەردەگرێت، ناوچەی مامناوەند ناوچەی ڕێژەیی و هەڵبژاردنە، ناوچەی دابەشکردنی هێزە و ئەرکی نێوانکەسی هاوسەنگ دەردەخات، ئەمە ناوچەی ڕێژەییە و ناوچەی ڕەها دو جەمسەرەکە دیاریدەکات. ناوچەی ڕەها ناوچەی گفتوگۆ و سازش و دانوستان نییە، بەڵکو نێوان دو جەمسەرەکە ناوچەی گفتوگۆ و سازش و دانوستانن، ئەمە نەخشەی ڕێژەی بەرزو نزمەکەی هالیدایە(Halliday, 2014: 694):

| | ئەگەری ئارەزو | عادەتی | پابەندکردن |
|---|---|---|---|
| بەرز | دڵنیا رژد | هەمیشە | داواکراو |
| مامناوەند | پێدەچێ حەز | خوگرانە | پێشنیازکراو |
| نزم | رێی تێدەچێ ئامادە | هەندێک جار | رێپێدراو |

ئەم ناوچانەی سەرێ، ناوچەی مامناوەند و ناوچەی لێکنزیکبونەوەی دژەکان و گەیشتنە بە چارەسەرێکی رێژەیی، ئەمە دیدی رێژەیی نوسەر/قسەکەر دەردەخات، بەڵام ناوچەی جەمسەرەکان دیدی مەیل بەلای رەهاگەری کەسەکان دەردەخەن و پەیوەندییە نێوانکەسییەکان حوکمدەکەن. دەسەڵات لە ناوچە جەمسەرەییەکاندا بەلای (بون/نەبون)دا دەشکێتەوە، بەڵام لە ناوچە نێوان جەمسەرییەکاندا دەسەڵات رێژەییە، راستیش رێژەیی دەردەکەوێت.

"**<u>دەبێت</u>** موسڵمان باوەری وا بێت کە پێغەمبەر (محمد) دوا پێغەمبەرە و **<u>هەمو</u>** مرۆڤایەتی شوێن رێبازەکەی **<u>بکەون</u>**"(عەبدوڵا بابان و ئەوانی تر، ، پێنجی بنەرەتی، ٢٠١٢: ١٠). وشەی مۆداڵکاری "دەبێت" بەخورتی بەرز دەردەخات و پابەندون دەخوازێت، بەڵام وشەی مۆداڵکاری"هەمو" ئەگەریی بەرز دەردەخات.

لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامیدا، لە دو رووەوە دەتوانین بەهۆی مۆداڵکارییەوە، کار لەسەر ئەوە بکەین، ئایا:
١)پەیوەندییە نێوانکەسییەکان پەیوندییەکی دەسەڵاتخوازانەی رێژەیی زاڵن یان پەیوەندییەکی دەسەڵاتخوازانەی بەرز؟
٢) لە ئاستی بیرۆکەییشدا مۆداڵکاری ئەوەمان بۆ روندەکاتەوە بیرۆکەکان جۆرێک رەهاگەریی بەسەریانەوە زاڵە یان رێژەگەریی؟ بۆ ئەمە وانە گفتوگۆییەکانی پۆلی "هەشتی بنەرەتی" وەردەگرین و رێژەگەری و رەهاگەری لەرێی بون و نەبونی مۆداڵەکانەوە دەردەخەین[3].

وانەی یەکەم(لا٧،٨)، پشتبەستراوە بە گێرانەوە و گفتوگۆ لەنێوان "باپیرە و ئازاد"ی کورەزایدا، گفتوگۆکە لە سی و پێنج(٣٥) رستە پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

| ژ.رستە | ژ. رستەی جەمسەری | ژ.رستەی سەپاندنی نزم | ژ.رستەی ئەگەریی بەرز | ژ. رستەی سەپاندنی مامناوەند | ژ.رستەی سەپاندنی بەرز |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٥ | ٢٠ | ٢ | ١ | ١ | ٢ |

رستەکانی تر کە دەمێنێتەوە، دەچنە خانەی مۆداڵکاریی ترەوە، دواتر ئاماژەیان پێدەدین. بەم شێوەیە، بەرزی و نزمی مۆداڵەکانی ئەم چوار جۆرە دابەشبون:

| | ئەگەری مەیل | عادەتی | سەپاندن |
|---|---|---|---|
| بەرز | ١٠ | ٠ | ٢ |
| مامناوەند | ٠ | ٠ | ١ |

| | |
|---|---|
| . | |
| ٢ . . . | نزم |

لە بەرزدا هێز لای قسەکەر/نوسەرە، لە مامناوەندا هێز بەشکراوە، لە نزمدا هێز لای گوێگر/خوێنەرە.

وانەی یەکەم

باوەڕ بە پەڕتوکە ئاسمانیەکان

ئازاد داوای لەباپیری کرد(کە شارەزا بوو لەژیانی پێغەمبەران)، کورتەیەکی بۆ باسبکات سەبارەت بەو پەندو وانانەی لەدابەزینی پەڕتوکە ئاسمانیەکان بۆ پێغەمبەران وەردەگیرێت.

باپیری گوتی، کوڕم، خودای گەورە بە پەیامەکانی بۆیان پشتگیری و کۆمەکی دەکردن، لەهەمان کاتدا فێڵی دوژمنەکانیانی پوچەڵ دەکردەوەو سەرشۆری دەکردن. ئازارو کێشەکانی ژیان سەختترین تاقیکردنەوەن بۆ مرۆڤ، بە ئەزمون، پێغەمبەران بەهێزترو خۆڕاگرتردەبون و سەرکێشەکانیش کە پێشەنگی بێباوەڕی بوون شکستیان دەخوارد. ئەمەش پەندە بۆ هاوشێوەکانیان و وانەی ئەزمونیشە بۆ نەتەوە چەوساوەکان، تا خۆڕاگر بن و دڵنیابن لەسەرکەوتن گەر دواشکەوێت.



٧

پەروەردەی ئیسلامی، هەشتی بنەڕەتی، چاپی دو، ٢٠١٦. نمونەی دەقەوانەی باوەڕمەندی

ئەگەر سەرنجی دەقەوانەکە بدەین ئەوە دەردەکەوێت کۆی (٢٠) ڕستە جەمسەرییەکە دڵنیاکەرەوەن و هەڵگری گومان و دودڵی نین، ڕستە جەمسەرەییەکان وا دارێژراون هیچ وشەیەکی مۆداڵکاریان تێد نییە و بیرۆکەکانیان ڕەهان، ڕێژەیی ناگەیەنن، ئەمە نمونەی چەند ڕستەیەکی جەمسەرپی ئەو دەقەوانە وەرگیراوەیە کە بیرۆکەکانیان ڕەها دەربڕاون:

(١)خودای گەورە بە پەیامەکانی بۆیان پشتگیری و کۆمەکی دەکردن.

(٢)...فێڵی دوژمنەکانی پوچەڵدەکردەوە.

(٣)...سەرشۆڕی دەکردن.

(٤)تەورات ئەو پەرتوکەیە کە خوا ناردییە خوارەوە بۆ عیسا پێغەمبەر.

(٥)زەبور ناوی ئەو پەرتوکەیە بۆ داود پێغەمبەر(د.خ) دابەزیوە.

(٦)ئینجیل پەرتوکی عیسا پێغەمبەرە.

ڕستە مۆداڵە بەرزەکان، بەیاریدەی کۆمەڵێک نیشانەی ڕێزمانیی تر جەخت لە بەرزێتیان کراوەتەوە، وەک بەکارهێنانی پلەی بەراورد و باڵای ئاوەڵناو("تر" دو جار، "ترین" یەک جار). هەروەها ئەم وشانە " کورتەیەک، هەندێک(دو جار)" مۆداڵین و ڕێژەیی دەنوێنن و مامناوەندن. ئەو دوڕستەیەی"هەمو، گشت"یان تێدایە بونەتە مۆداڵکاری بەرزی ڕێژەیی ژمارە.

لە وانەی چوارەمدا "برایەتی و پێکەوەژیان لە ئیسلامدا"، سیازدە ڕستەیە، دو ڕستەی مۆداڵکاری هاتوە، کۆی ڕستەکانی تر هیچ وشەیەکی مۆداڵکاریان تێدانییە.

وانەی نۆیەم"پەندو ئامۆژگاریی لە چیرۆکی پێغەمبەراندا"، لاپەڕە (٣٠ بۆ ٣٣)یی بۆ تەرخانکراوە، کۆی دەقەکە (١٤٤) ڕستەی جۆراوجۆرە:

| ژ.ڕستە | ژ.ڕستەی جەمسەری | ژ.ڕستەی مۆداڵکاری ئەگەریی بەرز | ژ.ڕستەی مۆداڵیتی عادەتی مامناوەند | ژ.ڕستەی مۆداڵیتی عادەتی بەرەز | ژ.ڕستەی مۆداڵیتی سەپاندنی بەرز | ژ.ڕستەی مۆداڵیتی ئارەزوی مامناوند |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٤ | ١٢٤ | ٧ | ١ | ١ | ٩ | ٢ |

لەم دەقەدا ژمارەی ئەگەریی بەرز، کە لەگەڵیشیدا ئەرکی ڕێژەی زۆری و کەمیی ژمارەیشی لەخۆگرتوە، لە پلەی بەرزدان، ڕێژەکەش کە هەڵیگرتوە ژمارە دەگەیەنێت، جێی بەرێژەی ئەگەریی لاوازکردوە.

بەپێی نەخشەکەی "هالیدای" ئاستەکانی "بەرز، مامناوەند، نزم"ی مۆداڵکاری بەم شێوەیە دەردەکەون:

| | ئەگەری مەیل | | عادەتی | سەپاندن |
|---|---|---|---|---|
| بەرز | ٧ | ١ | ٩ | ٠ |
| مامناوەند | ٠ | ١ | ٠ | ٢ |
| نزم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |

دو دانە ڕستەی مۆداڵکاریی مامناوەندمان هەن، ئەوانیش بریتین لە (خودای گەورە ویستی وایە تاقیم بکاتەوە، بزانە ئەمە ویستی خودایە)، پێکهاتەی ڕستەکان مامناوەند دەربڕاون، بەڵام پەیوەندییەکە لەنێوان خوا/بەندە دایە، وێنەی خوداش لەناو ئاوەزی موسڵماندا وێنەی دەسەڵاتی ڕەهایە، خودا ئارەزوی لە چی بێت دەیکات، بۆیە لەڕوی پێکهاتەی ڕستەوە مامناوەند دەنوێنێت، بەڵام لەڕوی ئەرکییەوە ڕەهایە.

لە وانەی پازدەدا، لاپەڕە (٥٦-٥٧) گفتوگۆیەک لەنێوان "خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب" و هاوەڵێکیدا هەیە، دەقەکە لە (٢٩) ڕستە پێکدێت، بەم شێوە ڕستەکان بەسەر جەمسەریی و مۆداڵێتیدا دابەشبون:

| ژ.ڕستە | ژ. ڕستەی جەمسەری | ژ. ڕستەی مۆداڵکاری داوای بەرز | ژ.ڕستەی مۆداڵیتی داوای مامناوەند |
|---|---|---|---|
| ٢٩ | ٢٦ | ٠ | ٣ |

ئاستی بەرز و مامناوند و نزمی مۆداڵەکان، بەم شێوەیەن:

| | ئەگەری | عادەتی | بەخورتی | مەیل |
|---|---|---|---|---|
| بەرز | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| مامناوەند | ٠ | ٠ | | ٣ |

| | |
|---|---|
| | ٠ |
| نزم | ٠ ٠ ٠<br>٠ |

لەم دەقەدا مۆداڵیتی نێوانكەسیی میتافۆڕ لەشێوەی ڕابردوی تەواوی ڕاگەیاندن هەیە(ڕابردوی نزیک+ەوە)، كە لە ڕابردودا ڕویداوە و ئێستاش كاریگەرییەكەی ماوە، لەم دەقەدا كابرا كە پرسیار لە "عومەر" دەكات، ئایا لە ئیسلام جودابومەتەوە؟ (جیابومەتەوە، ئەنجامداوە، داهێناوە)لە یەككاتدا هەڵگری ئەركی مۆداڵكاری هەمیشەیی و گومانیشن، گومانەكەی عومەر، لەگەڵ نیشانەی ڕابردوی تەواوی ڕاگەیاندن وایكردوە تا كاتی بەجێگەیاندنی قسەكەش كاریگەریی هەر بمێنێت.

هەروەها دو مۆداڵی سەپاندنی ئاست نزمی تێدایە، كە كۆنتێكستی گێرانەوەكە ئەو ئاستەی پێداوە، ئەگینا لە بنەڕەتدا دو مۆداڵی ئاست بەرزی سەپاندنن. دەقەكە دەیەوێت ئاستی دادپەروەریی "عومەری كوڕی خەتتاب" دەربخات، بۆیە ڕۆڵی دەسەڵاتی "جێنشینی عومەر" شاردراوەتەوە و بنزمانی كردوە، یان دەقەكە دەیەوێت دانی پێدانەنێت. ئەوانیش داواكانی "بمبورە، لێم خۆشبە'ـەن، كە لەشێوەی مۆداڵكاریی پاڕانەوەی نێوانكەسیی میتافۆڕ دەركەوتونەتەوە، ئاستی دەسەڵات و پەیوەندیی نێوانكەسیی هێزی داوە بە هاوەڵەكەی جێنیشین و جێنشینی خستوەتە حاڵەتی پاڕانەوە لەو كەسەی كە بەپێی زمانی ئەم كتێبە جێنشین شوانی ئەوە، واتە مۆداڵێتییەكە لەبەر ئەوەی پاڕانەوەیە، دەكرێت بوترێت داواكردنی لێخۆشبونی گوناهێكە ویژدانی ئایینیی عومەری وەک جێنشینێک هێناوتەسەر ئەوەی دەسەڵات جێگۆڕكێ لە خەلیفەوە بۆ ڕەعییەت بكات، تا ئەو ئاستەی مۆداڵكاری میتافۆڕی نێوانكەسیی هاتوە و بوە بە پاڕانەوە و لێخۆشبون. زمانی پاڕانەوە و لێخۆشبونیش زمانی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتە، ئەوەی دەپاڕێتەوە بێدەسەڵاتە و ئەوەی داوای لێدەكرێت دەسەڵاتدارە.

لە وانەی (٢١)دا، كە لە (٥٠) ڕستە پێكهاتوە، ڕستەی جەمسەریی مۆداڵكاری دەردەكەون:

| ژ.ڕستە | ژ. ڕستەی جەمسەری | ژ.ڕستەی مۆداڵكاری عادەتیی مامناوەند | ژ.ڕستەی مۆداڵیتی ئارەزویی مامناوەند | ژ.ڕستەی مۆداڵیتی ئەگەریی بەرز | ژ.ڕستەی مۆداڵێتی ئەگەریی مامناوەند | ژ.ڕستەی مۆداڵێتی سەپاندنی مامناوەند |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٠ | ٤٥ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ |

وانەی بیست و یەکەم

**چەند وێنەیەک لەژیانی هاوەڵان**

**عومەری کوڕی خەتتاب ودایکی چەند منداڵێک**

وەک سروشتی هەمیشەیی خۆی لەو شەوە تاریکەی نۆرەی سەردانی خانەوادە چادر نشینەکانی دەوروبەری مەدینەبوو، لەگەڵ بەردەستێکی دا بەناوی (ئەسلەم)، عومەری کوڕی خەتتاب بەرەو ئەو چادرە ڕۆیشت بۆئەوەی بزانێت لەو درەنگە بڵێسەی ئەو ئاگرە چیە، ئەبا شتێک گڕی گرتبێت: سڵاو دایە گیان، پێمان ئاڵێی لەم درەنگی شەوەدا بەم گەرمایە ئاگرت بۆ کردۆتەوە؟

- کوڕم، ئەو دوومنداڵەم لەبرسا دەگریان ومنیش هەندێک ئاوم کردە مەنجەڵێک ولەسەر ئەو ئاگرەم دانا تابێدەنگیان بکەم، وا خەریکە بەدەم هەنسکەوە خەو دەیانباتەوە: بەرسێتی ئەو منداڵە بێ باوکانەم لەئەستۆی عومەری جێنشین دایە.

- باشە، دایە گیان جاعومەر کەی ئاگای لەحاڵی ئێوەیە؟

- ئەی پێشەواو جێنشین نیە! بەڵێ ئەرکی ئەوە لێمان بپرسێتەوە.

عومەر زۆر ئازاری پێگەیشت بەم دیمەنەو دەستبەجێ لەگەڵ ئەسلەم گەڕانەوە مەدینەو لەگەنجینەی (بەیتولمالی) موسڵمانان کوڵێکی گەورەی لەخۆراک وپێداویستی بەکۆڵداداو گەڕانەوە بەرەو پیرەژنەکە، لەرێدا ئەسلەم دەیویست کۆڵەکەی لێوەرگرێت ویارمەتی بدات بەڵام عومەر داینەدەنا ودەیگوت: ئایا تۆ ئەتوانی کۆڵی گوناهەکانم لەقیامەتدا بۆ هەڵگری، ئەخێر هەردەبێت خۆم هەڵی گرم، من بەرپرسم، من شوانم، خودا لەمن دەپرسێتەوە. هەر کەگەیشتن عومەر خۆی خۆراکی بۆ منداڵەکان ئامادەکردو زەردەخەنەی خستەوە سەرلێویان، دایکەکەیان، گوتی: خودا لێتان رازی بێت، کوڕم، ئێوە کێن؟

دایە گیان، سبەینێ بچۆ بۆلای جێنشین، لەوێ دەمان بینێت.

بۆ بەیانی پیرەژنەکە چوو بۆ لای جێنشین و بۆی دەرکەوت کۆڵبەرەکەی شەو خۆی بوو، بۆیە شەرم دایگرت وویستی بچێتە دواوە.

- دایەگیان، فەرموو دانیشە لەمەولا لەبەیتولمال موچەی مانگانە وەردەگرن.

بەم شێوەیە گەورەی موسڵمانان عومەری کوڕی خەتتاب موسڵمانان وهەژارانی بەسەر دەکردەوەو بەکۆڵ خۆی پێداویستی بۆدەگواستنەوە.

٧٦

**پەروەردەی ئیسلامی هەشتی بنەڕەتی، چاپی دو، ٢٠١٦: ٧٦**

وشە مۆداڵەکان ئەرکی جۆراوجۆر وەردەگرن لە ڕستەی "وەک سروشتی هەمیشەیی خۆی لەو شەوە تاریکەی نۆرەی سەردانی خانەوادە چادر نشینەکانی دەوروبەری مەدینە بـو"، وشەی مۆداڵکاریی بەرزی **"هەمیشە"** وا "عومەری کوڕی خەتتاب" دەناسێنێت بەردەوام ئەو **خوی بەوەوە گرتوە** شەو بە کۆڵانەکاندا بگەڕێت و لە حاڵی ڕەعییەتەکەی بپرسێتەوە. بیرۆکەی وێنەی دەسەڵاتدارێکی دادپەروەر لە ئاوەزی قوتابیدا دەچێنێت لەترسی لێپێچینەوەی خوایی خەو لە چاوی تۆراوە، درک بە بەرپرسیاریەتییەک دەکات لەسەر شانی وەک ئەرک، نەک وەک جیاوک، دەبێت گەلەکەی تێربکات. ئەم دەقە ئەرکە بیرۆکەییە ناوەندییەکە بریتییە لە "دادگەریی یۆتۆپیانەی جێنشین".

لە ڕستەی "وا خەریکە بەدەم هەنیسکەوە خەو دەیانباتەوە" وشەی مۆداڵکاری"خەریکە" وشەیەکی ئەگەریی ڕودانی مامناوەندە، دایکەکە چاوەڕێی ئەو ئەگەرە دەکات، کە ڕەنگە منداڵەکانی لە چاوەڕوانی خواردنەکەیاندا خەویان لێبکەوێت و بیانگەیەنێتە بەیانی. بەڵام ئەگەری ئەوەش لەبەردەمیدایە برسێتی نەیەڵێت بخەون، بۆیە ئەگەرەکە مامناوەندە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وا خەریکە | بەدەم هەنیسکەوە | خەو | یان | دە-باتەوە |
| مۆداڵ-نێوانکەسی | بار | کارا-بەشداربو | کارتێکراو-بەشداربو، مۆداڵ | کردە-فاینایت |

لە ڕستەی "نەخێر هەردەبێت خۆم هەڵی بگرم"، عومەر لە وەڵامی داوای کاربەدەستەکەی بەردەستی وا دەڵێت. دەقەکە لە ئاستی بابەتی نێوانکەسیدا "عومەر" هیچ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەکارناهێنێت کار بەوانی تر بکات، ئەو هێزەی دەیجوڵێنێت بریتییە لە بەرپرسیارێتییە ناوەکییەکە بەرانبەر خودا، بۆیە بە وشەی مۆداڵکاری"هەر دەبێت" کارەکە بەبەرزیی لەسەرخۆی دەسەپێنێت. لە ئاستی ئەرکی بیرۆکەییشدا وێنەی سەرکردەیەکی دادپەروەر لە ئاوەزی قوتابیدا دەکێشێت. ئەم وێنە ئایدیالییە، کە هەرگیز قوتابی لە ژیانیدا نایبینێتەوە، مرۆڤێک پەروەردەدەکات لەناوەوەی خۆی خاوەنی یۆتۆپیایەکی دینییە، بەڵام لەدەرەوە شوێنێک بۆ جێبەجیکردنی یۆتۆپیاکەی نابینێتەوە، مەگەر ڕێی دوەم بەبیریدا بێت ئەویش دروستکردنی ئەو یۆتۆپیایەیە. ئەمە ئەرکی ئایدیۆلۆژیای یۆتۆپیاییە، یۆتۆپیاکان لەناوەوە دەخوڵقێنێت، لە دەرەوەش ئەم جۆرە یۆتۆپیایانە لە ئارادانین، "لە بنەڕەتدا یۆتۆپیا واتای ناشوێن دەگەیەنێت"(ا. د. عامر عبد زيد الوائلي و اخرون، ٢٠١٤: ١٣) . زۆرجار دژیەکێک لای تاک دروستدەکات نازانێت چۆن بویەر و وێنەی ئاوەزیی یۆتۆپیایی کۆبکاتەوە، نازانێت چۆن دنیای ناو زمان و بویەر لێکهەڵاوێرێت، ئەمە ڕێک کە لە زماندا هەیە دروستکردنی گوتاری پێدەگوترێت، دروستکردنی گوتار دروستکردنی واتایە لەناو زماندا.

وێنەی جێنشین وێنەی مرۆڤێکە هیچ چێژێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی نابینێت و ئەرکە نێوانکەسییەکانی دەسەڵاتە نێوانکەسییەکانی کوشتوە و خەوی لێتاراندوە، پەیوەندیی ئەو لەگەڵ کاربەدەستەکەی خۆی و لەگەڵ ژنێکی بەتەمەن(دەقەکە بە پیرژەن ناوی دەبات[4]) پەیوەندیی خزمەتکردن دەنوێنێت، نەک هەژمون و دەسەڵات.

لە ڕستەی مۆداڵیی(ویستی بچێتە دواوە) کاری مۆداڵیی"ویستی" ئەرکی ئەوەیە ڕێژەی ئەو شەرمە دەربخات کە ژنە بەتەمەنەکە هەیەتی، بۆیە بەهۆی کاری ڕێژەی دانانی "بچێتە" ڕێژەی دودڵی و دۆشدامانی ژنەکە دەردەخات، ئەم کارە دانانییە، ڕستەکە ئەوەندەی تر دەکاتە ڕستەیەکی مۆداڵکار، چونکە ڕێژەی دانانی لەخۆیدا بەوە لەڕێژەی ڕاگەیاندن جیادەکرێتەوە کە هەڵگری گومان و نادڵنیایی و دودڵین.

لە ڕستەی "فەرمو دانیشە"، "دانیشە" کاری داخوازییە، کاری داخوازی بەرز و مامناوەند و نزم لەژێر ناوی پابەندکردن یان سەپاندن-obligation دەگەیەنێت، کاری داخوازی لەخۆیدا مۆداڵکاری دەگەیەنێت، هەروەها "دەسەڵاتی تەواو و دەسەڵاتی لاواز دەگەیەنێت"(مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد، خۆشناو عەزیز حەمەئەمین، ٢٠١٨: ١٦)، کۆمەڵێک وشە و کۆنتێکستی زمانی و کۆمەڵایەتی لەیەکێک لەو ئاستانەدا دایدەنێت. وشەی "فەرمو" کە ئەرکی ڕێزدەگەیەنێت، پابەندکردنەکەی لە بەرزەوە هێناوەتە ناو مامناوەند، دەسەڵات لێرەدا یەکسان نییە عومەر وەک جێنشین خاوەن دەسەڵاتە، بەڵام نوسەری دەقەکە دەیەوێت دەسەڵاتەکان لێکنزیکبکاتەوە و ئەو بۆشاییە گەورەیەی لەنێوان دەسەڵات و ڕەعییەتدا هەیە، بە وزەی ئیمان و خاکەڕایی لەناو زماندا کەمی بکاتەوە.

میتافۆری نێوانکەسیی گرامەری-interpersonal grammatical metaphor: ئەرکی مۆداڵکاری شاراوە دەبینێت، ئەرکی مۆداڵکاری جێبەجێدەکات، هالیدای پێی دەڵێت جێبەجێکردنی میتافۆری ئەگەری- metaphorical realization of probability(Halliday, 2014: 614). بۆ نمونە لە کردەی ئاوەزیی"وامزانی" لەم ڕستەدا میتافۆری نێوانکەسیی گرامەری"**وامزانی** تۆ مامۆستای پەروەردەی ئیسلامیت"، لە کردەی "وامزانی" ئەگەری ئەوە دادەنێت کە ئەو کەسە مامۆستای پەروەردەی ئیسلامی بوبێت، ئەمە مۆداڵکارییە بەبێ بەکارهێنانی وشەی مۆداڵی.

*"ئەی موحەمەد بکەوە شوێن ئاینەکەمان و ئێمەش شوێن ئاینەکەت دەکەوین، ساڵێک تۆ خوداکانی ئێمە بپەرستەو ئێمەش ساڵێک خودای تۆ دەپەرستین"(عەبدوڵا بابان و ئەوانی تر، شەشی بنەڕەتی، ٢٠١٨: ٤٣)، ئەم ڕستانە خویان تێدایە، عادەتگرتنی تێدایە، تۆ خوی پێوەبگرە و ساڵێک خوای ئێمە بپەرستە و ئێمەش خوی پێوەدەگرین ساڵێک خوای تۆ دەپەرستین، هەروەها ئەگەریشی تێدایە کە ئەگەر تۆ خواکانی ئێمە بپەرستی ئێمەش خوای تۆ دەپەرستین.

ئەم جۆرە مۆداڵکارییە میتافۆرییە، میتافۆری نێوانکەسیی گرامەرییە، نێوانکەسییە، چونکە پەیوەندیی نێوان قورەیش و پێغەمبەر دیاریدەکات.

ڕستەی"لەنێو مرۆڤدا بەشێوەیەکی سروشتی و پاڵنەری پەنابردن هەیە بۆ خودای گەورە"(عەبدوڵا بابان و ئەوانی تر، حەوتەمی بنەڕەتی، ٢٠١٥: ١١)، لەم ڕستەیەدا بەخورتی مرۆڤ لەناو خۆیەوە پاڵی پێوەدەنرێت پەنا بۆ خوا ببات، بەڵام وشەی مۆداڵکاری سەپاندنی "بەخورتی" نەهاتوە، بەڵکو بە شێوەی میتافۆری نێوانکەسیی گرامەری ئەرکەکەی دەبینێت.

**بەشی دو**

**مۆداڵکاریی و دابەشبونی ڕستە**

"دابەشکردنی ڕستە بۆ هەواڵی، پرس، فەرمان، سەرسوڕمان و لە لایەکی ترەوە بۆ ئینشائی و ئیلزامی، لە لایەکی ترەوە پەیوەندییەکی پتەوی بە مۆداڵکارییەوە هەیە، واتە ئەم دو جۆرە دابەشکردنە لە ڕوانگەی قسەکەرەوەیە و لە هەردو جۆرەکەدا قسەکەر تێڕوانینی خۆی بۆ دەوروبەر و هاوبەشەکانی گوتن و نامەکەی کە دەیەوێ بیگەیەنێت دەردەبڕێت. بۆ نمونە لە ڕستەی هەواڵ گەیاندندا قسەکەر خۆی دەکات بە شایەت و جەخت لەسەر دروستی نامەکە یان هەواڵەکە دەکات و گوێگر دڵنیادەکات بەشایەت و جەخت لەسەر دروستی نامەکە یان هەواڵەکە دەکات و گوێگر دڵنیا دەکات کە گوتنەکە دروستە و ئەو دڵنیایە لە ڕاستی نامەکە(فەرهادی، ٢٠٠٨: ٩٥).

دابەشکردنی ڕستە بۆ "ڕاگەیاندن و دانانی" بەهەمان شێوە پەیوەندیی بە بیروباوەڕی قسەکەرەوە هەیە، ڕێژەی دانانی ڕێژەیەکە بۆ گومان، نادڵنیایی، دڵەڕاوکێ دێت و ڕێژەگەرایە، بەڵام هەواڵی جێی دڵنیاییە و بەرەو ڕەهاگەریی دەچێت. پەیوەست بەم بابەتەوە، جیاوازیی ئەم دو شێوازە لەوەدایە شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن ئەو ڕێژەیەی کارە کە ڕاستەوخۆ ئەنجامی هەواڵ بەدەستەوە دەدات، کارەکە ڕودەدات یان ڕونادات. بەڵام شێوازی ڕێژەی دانانی ئەو ڕێژەیەی کارە ئەنجامی ئەو هەواڵەی دەیدات بەدەستەوە ڕاستەوخۆ نایدات، بەڵکو لەشێوەی (گومان، ئارەزو، ئەگەر، ئاوات، پاڕانەوە...) دەیخاتەڕو. بۆ نمونە:

"ڕۆژوگرتن بریتییە لە خۆگرتنەوە لە خواردن، خواردنەوە، جوتبون"(عەبدوڵا بابان و ئەوانی تر، هەشتی بنەڕەتی، ٢٠١٦: ٣٤). ئەمە هەواڵییە و دودڵی و گومان و خۆزگەی تێدا نییە، مۆداڵکاری وەرنەگرتوە و ڕەهایە، جەمسەری ئەرێی گرتوە. بەڵام لە ڕستەکانی "گەر کەسمان لەو ماڵە نەبینی لە پاش سێ جار داواکردنی چونەژورەوە، ئەوا **<u>دەبێت بگەڕێینەوە</u>**"، یان "تەنیا لە هەندێک حاڵەتی تایبەتیدا، **<u>دەشێت بچینە</u>** هەر ماڵێک بەبێ مۆڵەت وەرگرتن"(عەبدوڵا بابان و ئەوانی تر، شەشی بنەڕەتی، ٢٠١٦: ١٤). کارە سەرەکی و یاریدەدەرەکان کە تۆخکراونەتەوە و خەتیان بەژێردا هێنراوە لە ڕێژەی ڕانەبردوی دانانیدان، پابەندی و سەپاندنیان تێدایە، بۆیە مۆداڵکاری دەگەیەنن.

ڕستەی کلکە پرسیاریش بەهەمان شێوە ئەگەریی دروستدەکات و ڕەها نییە، بۆ نمونە: ئێوە نوێژدەکەن، وا نییە؟ گومانێک دەهێڵێتەوە و لە شێوەی پرسیاردا دەربدەبڕێت. گومانەکە ڕەنگە پرسیارکەر زانیاریی کەم بێت و بیەوێت زانیاریی لە پرسیارلێکراو دەستبکەوێت، کەمیی زانیارییەکەش گومانی بۆ دروستکردوە. کۆی دەقەکانی پەروەردەی ئیسلامیی هیچ کلکە پرسیارێکی گومانیی دروستنەکردوە و پشتی بەم جۆرە دارشتنە نەبەستوە.

"پاڕستەی نیاز و مەبەست، بۆ هەمان مەبەست بەکاردێن، واتا مۆداڵکاریی دەگەیەنن، ئەم ڕستانە بەزۆری (بۆ ئەوەی) و (تا) یان (بەو نیازەی) دەستپێدەکەن"(فەرهادی، ٢٠٠٨: ٩٣). لە وانەی دوازدەیەمی پۆلی شەشی بنەڕەتی، لە پەسنی جێنشین "عومەری کوڕی عەبدولعەزیز"دا هاتوە:"

دوای ئەوەی لەسەر دوانگە هاتە خوارەوەو بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوت، لەوێش چوە ژورەکەی خۆی، ا)**مەبەستی بەو کەمێک بحەسێتەوە.** بەڵام هێشتا سەری نەنابوە سەر سەرجێ ، عەبدولمەلیکی کوڕی کە -تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو- هاتو و پێی گوت:

ب)**دەتەوێ چی بکەیت ئەی پێشەوای باوەڕداران؟!** عومەری کوڕی عەبدولعەزیز گوتی: ج)**دەمەوێت هەندێ چاوەکانم گەرم بکەم** "(لا٣٩). هەرسێ ڕستەی تۆخکراوەو خەت بەژێرداهاتو ئەرکیان نیازگەیاندنە، بەڵام مەرج نییە بتوانێت بحەسێتەوە و بابەتەکە ڕێژەییە و مۆداڵێتیش دەگەیەنن.

لە ئاستی قسەکردن و باسکردنی "ئاقییە-دۆگما و سروت" ڕستەکان جەمسەرڕیی ڕەهایان بەسەردا زاڵە، پشت بە مۆداڵکاری ئاستی مامناوەند نابەستێ. ئەمە نمونەی دەقێکە لەسەر "بنچینەکانی باوەڕ" داڕێژراوە، دەقەکە هەڵگری زۆرترین ڕستەی جەمسەری و ئەو مۆداڵکارییە بەرزانەن کە گومان، ئەگەر، ڕێژەیی هەڵناگرن و هیچ مۆداڵێکی مامناوەندی لەخۆنەگرتوە. ئەو ڕستە دانانییانەش لە خۆناگرێت کە هەڵگری گومان و ئەگەر و ڕێژەیین. زمانی ئاین لەم شوێنانەدا یەکلاکەرەوەن و قبوڵی ڕێژەگەرایی ناکەن و ئەرکیان چەسپاندن و جێگیرکردنی بیرۆکەکەیە و دەیانەوێت گومان لەم ناوچانەی ئاقییە(العقیدة)دا نەهێڵن، بۆیە پشت بە پێکهاتەی ڕستەی جەمسەرڕیی دەبەستن.


**بنچینەکانی باوەڕ**

باوەڕپێ کردن و دڵنیابیە، لە زاراوەی شەرعی باوەڕکردن بەخوایە، باوەڕ بە فریشتەکانی، باوەڕ بە پەرتووکەکانی و باوەڕ بە پێغەمبەرەکانی، باوەڕ بە ڕۆژی دوایی، باوەڕ بەقەدەر باش و خراپی، جا ئەم شەش شتەن کە خولگەی دەروون و بیرکردنەوەی لەسەرە، لە ئێستا و دوا کارەکەیدا، لە کاروباری ژیانی دونیا، وە ئەوانەی بارەکانی تیایا باش ئەبن، وە لە دوا ڕۆژی چاوەڕوانکراو کە ڕوبدات لەم ژیانەی دونیادا، یا ئەوەی پاش مردن ڕودەدات و لە کاتی زیندوکردنەوە و بڵاوکردنەوەیدا تا مرۆڤ پێویست بێت لە سەری کە باوەڕ بە شەش بنەماکەی بڕوا بکات و کە ئیسلام پێناسەی کردوون و وەك لە سورەتی (البقرة)دەبینین (آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ)(البقرة ٢٨٥) کاتی پرسیار لە پێغەمبەرکرا (د.خ) دەربارەی واتای بڕوا فەرمووی: کە باوەڕبکەی بەخودا و فریشتە و پەرتوك و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی. باوەڕ بە قەدەر باشی و خراپی. (مسلم والبخاری گێڕاویتیانەوە).

**١- باوەڕکردن بە خودای شکۆمەند و گەورە:**

باوەڕکردنی بێ سێ و دوو بە بوونی خودای گەورە وەك خوا و خودا و یەك پەرستراو کە هاوتای نیە، وە باوەڕ کردن بە وناو و خەسڵەتانەی لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەی ڕاستی پێغەمبەر هاتوە بەبێ گۆڕینی واتاکانی یا لێکچواندنیان بە خەسڵەتەکانی بە دیهێنراوی یا گونجاندن یا لە کارکردن. دەبینین کە بڕواکردن بە خودا لە جیاتی باش زانینی بونەوەر و دەروندا دەبێت. وە ئایەتەکان ڕێگەمان نیشان دەدەن و پێویستی باوەڕکردن بەخودای پاك و بەرز دەمان ناسێنن.وە ڕێگەمان نیشان دەدەن بەڵکو دەیسەلمێنێت سەلماندنێکی پتەو و یەکلاکەرەوە لەسەر تاکی بەدیهێنەری شکۆمەند و گەورە (سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) (فصلت ٥٣)

**٢- باوەڕکردن بە فریشتە:**

باوەڕکردن بە فریشتە باوەڕکردنی یەکلاکەرەوەیە کە خودا فریشتەی لە ڕوناکی بەدی هێناوە و ئەوان هەنە، ئەوان سەرپێچی ناکەن لەوەی خودا فەرمانی پێ کردون، ئەوان هەڵساون بەو فەرمانەی کە خودا فەرمانی پێ کردون کە پێی هەڵسن. خودای گەورە فەرموویەتی لە سورەتی (البقرة) : (لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ) (البقرة ١٧٧)

٤٤

**٣- باوەڕکردن بە پەرتوکە ئاسمانیەکان:**

واتای ئەوەیە کە باوەڕ بەو پەرتوکانە بکەین کەخودا لەسەر پێغەمبەر(د.خ) و نێردراوانی هێناوەتە خوارەوە. لەو پەرتوکانە ئەوەی خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هێناون. لەوان ناوی ئەهێنان. خودای گەورە لە سورەتی (الاعلی) فەرمویەتی:( إِنَّ هَذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَى (١٨) صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى (١٩))

ئەو پەرتوکانەی کە خودای شکۆمەند و بەرز لە پەرتوکە پیرۆزەکەیدا ناوی ناون: التوراة، الانجیل، الزبور، صحف ابراهیم، القرآن.

جا (التوراة) بۆ گەورەمان (موسی)یە و (الانجیل) بۆ گەورەمان (عیسی)یە و (الزبور) بۆ گەورەمان (داود)ە و (الصحف)بۆ گەورەمان (ابراهیم)ە و قورئانی موعجیزەی ئەمر بۆ گەورەمان (محمد)ە.

**٤- باوەڕکردن بە پێغەمبەر و نێردراوەکان:**

باوەڕکردنە بەوانەی خودای گەورە لە پەرتوکەکەی ناوی هێناون لە نێردراو و پێغەمبەرەکانی، وە باوەڕکردن بەوەی کە خودای شکۆمەند و گەورە جگە لە وان نێردراوانی دیکەشی ناردوە، و ئەو پێغەمبەرانەی ژمارە و ناوەکانیان نازانرێت تەنها خودای بەرز نەبێت.

خودای بەرز لە قورئانی پیرۆزدا باسی بیست و پێنج لە پێغەمبەر و نێردراوانی کردوە و ئەوانیش: (ادم، نوح، ادریس، صالح، ابراهیم، هود، لوط، یونس، اسماعیل، اسحاق، یعقوب، یوسف، ایوب، شعیب، موسی، هارون، الیسع، ذوالکفل، داوود، زکریا، سلیمان، الیاس، یحی، عیسی، محمد) درود و سڵاوی خوا لەسەر هەموویان بێت.جا ئەو نێردراو و پێغەمبەرانە پێویستە باوەڕ بە نامە و پێغەمبەرایەتیەکانیان بێنین. باوەڕ کردن بە نێردراوان بنەمای چوارەمە لە بنەماکانی بڕوا. جا باوەڕی بەندە دروست نابێت تەنها بە باوەڕ پێ کردنیان.

**٥- باوەڕکردن بە ڕۆژی دوایی:**

واتای باوەڕکردن بە هەموو ئەو شتانەی کە خودای شکۆمەند و گەورە و پێغەمبەری خودا (د.خ) پێیان ڕاگەیاندوین لەوەی پاش مردن دەبێت لە فیتنەی گۆڕ و ئازار و خۆشیەکەی، زیندوکردنەوە و حەشر کردن و پەرتوکەکان و لێ پرسینەوە و تەرازوو حەوز و پردی سیرات و تکاکردن و بەهەشت و ئاگر، ئەوەی خودا ئامادەی کردوە بۆ هەموو خەڵکەکانیان.

**٦- باوەڕهێنان بە قەدەر باش و خراپی:**

ئەویش باوەڕهێنان و باوەڕکردنی یەکلاکەرەوەیە کە گومان لێی ناکات بە تەرازو قەدەر باش و خراپەکانیان کە باوەڕ دەهێنین بەوەی کە خودای پاك و بەرز خاوەنی قەزا و قەدەرە و جێ بە جێ کاریانە.

دەقەوانەی بنچینەکانی باوەڕ، شەشی بنەڕەتی، ٢٠١٥: ٤٤-٤٥

ئەمە چەند نمونەیەکی وەرگیراوە لە زمانی جەمسەری و مۆداڵکاریی جەمسەریی بەرز، کە لە دەقەوانەی "بنچینەکانی باوەڕ"دا هاتون:

"بنچینەکانی باوەڕ باوەڕپێکردن و دڵنیاییە/ ...تا مرۆڤ پێویستبێت لەسەری کە باوەڕ بە شەش بنەماکەی بڕوا بکات و کە ئیسلام پێناسەی کردون/ باوەڕکردنی بێسێودو بە بونی خودای گەورە وەک خودا و یەک پەرستراو کە هاوتای نیە/ ...بەبێ گۆڕینی واتاکانی یا لێکچواندیان بە خەسڵەتەکانی .../ ...پێویستی باوەڕکردن بە خودای پاک و بەرز...ڕێگەمان نیشان دەدەن بەڵکو دەیسەلمێنێت سەلماندنێکی پتەو و یەکلاکەرەوە.../ باوەڕکردن بە فریشتە باوەرکردنی یەکلاکەرەوەیە.../ ئەوان سەرپێچی ناکەن لەوەی خودا فەرمانی پێکردون، ئەوان هەڵساون بەو فەرمانەی کە خودا فەرمانی پێ کردون کە پێی هەڵسن/ باوەڕ بەو پەرتوکانە بکەین کە خودا لەسەر پێغەمبەر(د.خ) و نێردراوانی

هێناوەتە خوارەوە/ باوەرکردنە بەوانەی خودای گەورە لە پەرتوکەکەی ناوی هێناون.../ باوەڕکردن بەوەی کە خودای شکۆمەند و گەورە جگە لە وان نێردراوی دیکەشی ناردوە/ ... پێویستە باوەڕ بە نامە و پێغەمبەرەکانیان بێنین/ جا باوەڕی بەندە دروستنابێت تەنیا بە باوەڕپێکردنیان/ باوەڕهێنان بە قەدەر باش و خراپی ئەویش باوەڕهێنان و باوەرکردنی یەکلاکەرەوەیە کە گومان لێڵی ناکات/ باوەڕ دەهێنین بەوەی خودای پاک و بەرز خاوەنی قەزاو قەدەرە"(عەبدوڵا بابان و ئەوانی تر، شەشی بنەڕەتی، ٢٠١٥: ٤٤-٤٥).

بونیادی زمانی ڕێژەیی زمانێکە لە ئاستی بیرۆکەییدا زانیاریی دەگەیەنێت هەڵبژاردنیش لەنێوان نوسەر/خوێنەر، قسەکەر/گوێگردا هەیە، زمانی جەمسەریی کە بیرۆکە دەگەیەنێت ڕەهاخوازە، ئەم پێکهاتەیەش لەگەڵ زمانی ئاقییە گەیاندنی دیندا یەکدەگرێتەوە. ئەو نمونانەی لە وانەی "بنچینەکانی باوەڕ" وەرمان گرتون نمونەی زمانی گەیاندنی ئاقییەیە، ئاقییەیەکی نەگۆر لەناو ئاوەزمەندیی تاکدا دەچێنێت و گومانپارێزیی بۆ دادەنێت و لە گومان تەواو دوری دەخاتەوە. تەنیا وشەی "باوەڕ" لەم دەقەوانەییەدا (٣٧) جار، وەک بیرۆکەی نەگۆڕ و پتەو هاتوە. ئەم زمانە پشت بە دەربڕاوی جەمسەری و مۆداڵە بەرزەکان دەبەستێت. زمانی ئاین، لە بواری ئاقییەدا زمانی خۆپاراستنە لە ڕێژەیبون، زمانی ڕەهاگەریی و یەکجەمسەرییە، ئەوەی باسی دەکات، یان هەیە، یان نییە، ڕاستە یان ناڕاست، ئەم زمانەش لەناو گوتاری بەرهەمهاتو لەسەر ئیسلام لەمرۆدا زاڵە و ئەم دەقانەی پێشوتریش بەهۆی مۆداڵکارییەوە، دەردەکەوێت کە زیاتر سەر بەم گوتارە جەمسەرییەن. دانەرانی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی، لە باسکردنی ئاقییەدا، پەیرەوی زمانی جەمسەرییان کردوە و خۆیان بەدورگرتوە لە ڕێژەیبون، لێرەشەوە دیدی قوتابی لەسەر ئەم ڕەهاگەرییەی ئاقییە دادەمەزرێنن.

## بەشی سێ

## مۆداڵکاری خودخوازی-subjective modality و بابەتخوازی- objective modality

لە شیکرنەوە ڕەخنەیی گوتار(CDA)دا، هەردو مۆداڵکاری بابەتخوازی(عەینییەتخوازی) و مۆداڵکاریی خودخوازی(مەرجدارێتی) تایبەتمەندیی زمانەوانین، ڕۆڵێکی بەرچاو لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان بۆ گەیاندنی واتا و هەڵوێست و ئایدۆلۆژیاکان لەناو گوتارێکدا دەگێڕن. هەردو جۆرەکە بۆ دەربڕینی هەڵوێست و دڵنیایی و دیدگای قسەکەر یان نوسەر سەبارەت بەو زانیارییانەی کە دەخرێنەڕو، بەدو شێوازی جیا دەیانخەنەڕو. "نۆرمان فێرکلاف" لە باسی ئەم دو مۆداڵکارییەدا، پێیوایە "ڕەنگە مۆداڵکاریی خودخوازی کاربکات، بەو واتایەی کە بنەمای مەرجدارانە بۆ دیاریکردنی پلەی پابەندێتیaffinity و لایەنداریی خۆی بەرانبەر ئەو بابەتەی باسیدەکات، دەردەخات، بۆ نمونە: وا گومان دەبەم/ پێم وایە/ گومانم هەیە کە زەوی تەختە" ڕونە کە لایەندارانەیە و کەسەکە بەناوی خۆیەوە دەدوێت، چونکە جێناوەکان بکەرین. بەڵام لە حاڵەتی مۆداڵکاریی عەینییەتخوازیدا کە خودێتی تێیدا شاردراوەتەوە و لایەرنداری تێدا دەرناکەوێت، بەم شێوە دەردەبرڕدرێت"پێدەچێت زەوی/ ڕەنگە زەوی تەخت بێت"، کەواتە لە مۆداڵکاریی بابەتخوازیدا ئەوە ڕون نییە کە بۆچونی کەسەکان دەربارەی ئەو بابەتە چۆنە، بۆ نمونە ئەوە ڕون نییە ئایا قسەکەرەکە تێڕوانینی خۆیەتی یان هی دەزگا و شوێنی ترە، ڕوانگەیەک وەک ڕوانگەیەکی گشتگیر دەردەکەوێت و سیمای تایبەتیی هەڵنەگرتوە، یان وەک ئامرازێک بۆ دەرخستنی دیدی هەندێک تاک یان گروپێکی تر ڕۆڵناگێڕێت"(Fairclough,1992: 159). واتە مۆداڵکاریی خودخوازی لایەندارانەیە و مۆداڵکاریی بابەتخوازی بێلایەنانە دەردەکەوێت.

هەردو مۆداڵکارییەکە نوێنەرایەتی شێوازی جیاواز بۆ دەربڕینی هەڵوێست و دڵنیایی و دیدگای قسەکەر یان نوسەر سەبارەت بەو زانیارییانەی کە دەخرێنەڕو، دەکەن.

مۆداڵکاریی خودخوازی بریتییە لە بەکارهێنانی تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان کە بۆچوونی کەسیی قسەکەر/نوسەر، هەڵسەنگاندن، هەست و دیدگای کەسیی ئاشکرا دەکات. ئەم شێوازە دەربڕینە جەخت لەسەر هەڵوێستی تاکەکەسی قسەکەر دەکاتەوە و لەوانەیە گەیاندنی هەستی دڵنیایی، گومان، باوەڕ، یان حوکمدانی بەها لەخۆبگرێت. هەندێک لە کەرەستە زمانەوانییەکان کە بۆ گەیاندنی مۆداڵکاری خودخوازی بەکاردەهێنرێن بریتین لە:

کرداری مۆداڵی دڵنیایی: کرداره مۆداڵییەکانی وەک "دەبێت"، "بێگومان"، "بە دڵنیاییەوە" و "بێدودڵی" دەتوانن پلەیەکی بەرزی دڵنیایی یان باوەڕ دەربڕن. بۆ نمونە لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامیدا لە وەرگێڕانی فەرمودەی (ان الله رفيق يحب الرفق ويعطي على الرفق مالا يعطي على العنف ومالا يعطي على ما سواه)، بەم شێوە هاتوە"**<u>بێگومان</u>** خودای پەروەردگار خاوەن سۆزە و ئەو خەسڵەتەشی خۆشدەوێ، "(هەشتی بنەڕەتی، ٢٠١٥: ٢٥). لەم دەقە وەرگێڕدراوەدا وشەی 'بێگومان' کە بەکارهاتوە، وەرگێڕ و لیژنەی ئامادەکار و زانستیش دەیانەوێت جەخت لەوە بکەنەوە کە 'بەسۆزیی خوا هیچ دودڵییەکی تێدا نییە و گومان هەڵناگرێت، وشەی 'بێگومان' ڕێژەی دڵنیایی بەرزکردوەتەوە.

**زمانی سۆزداری:** بەکارهێنانی وشە یان دەستەواژە بارگاوییەکانی سۆزداری، دەتوانێت بەشداریی سۆزداریانە و هەڵوێستی بابەتیی قسەکەر لەسەر بابەتەکە ئاشکرابکات. زمانی سۆز و زمانی زبریش بە لایەنداریی بارگاوین و بە دیدی کەسەکان بارگاویکراون. بۆ نمونە "سەرلەنوێ لەلایەن پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵانی لە ساڵی ٨ ی کۆچیدا مەککە ڕزگارکرا و پاککرایەوە لە **<u>چەپەڵیی بێباوەڕان</u>**"(عەبدوڵا بابان و ئەوانی تر، چواری بنەڕەتی، ٢٠١٦: ١٧). لەناو کۆی ئەم کتێبانەدا لەبەرئەوەی دەقەکان لەسەر پۆلێنی باوەڕدار/بێباوەڕ پۆلێنکراون، بۆیە زمانی قسەکردن و وەسفکردنی باوەڕدار سۆزدارانە دارێژراوە، بەڵام زمانی وەسفکردنی بێباوەڕ زبر و توندە. لێرەوە لایەنداریی لە زمانی دەقەوانەکاندا بەڕونی خۆی دەردەخات.

لە دەقەوانەی یازدەیەمی پەروەردەی ئیسلامی پۆلی چواری بنەڕەتی "کورتەیەک لە ژیانی پێغەمبەری مەزن محمد (د.خ)" وەک نمونە وەردەگرین، دەربڕاوە سۆزدارییەکانی (ڕەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەر، درودی خوای لێبێت، پایەی پێکهاتەی کەسایەتی پێغەمبەر، پێغەمبەر هاوشێوەی نییە، ژیانی پیرۆزی پێشەوامان، پڕە لە وێستگەی ڕەوشتبەرزی، خۆبەکەمزان، نوستنی سەر بەڕە و حەسیر، خۆراکی سادەی وەک هەژاران، هاوکاریی خێزانەکانی لە کاروباری ماڵدا، سڵاوکردن لە هەمو کەس، زۆر بەسۆز بو، ...)(٢٠١٥: ٢٧)، ئەم دەقەوانەیە بنیاتی ڕستە بریتییە لە ڕستەی سادە بۆ کاتی ئێستا و ڕابردو، ڕستەکان لەبەرئەوەی زۆرترین ئاوەڵناو و دەربڕاوی پەسنکارانەیان تێدایە، بۆیە درێژ و ئاڵۆزن، بەم شێوەیە دەقەکان وەک خۆیان دادەنێینەوە، پاشان بەو شێوە دایاندەڕێژینەوە کە زیاتر بنیاتی وەسفیی زمانەکەی دەردەخات:

١)"گرنگترین پایە لەپێکهاتەی کەسایەتی پێغەمبەرمان (د.خ) ڕەوشتە بەرزەکانیەتی کە هاوشێوەی نیە، ئەمەش بەشایەتی خودای گەورە لە قورئاندا بە ئایەتی: ((وانک لعلی خلق عظیم)لە سورەتی (القلم)".

زمانی دەقەکە بەم شێوەیە ڕێکی دەخەینەوە: بە شایەتی خودای گەورە، لە قورئاندا (و انک لعلی خلق عظیم)، گرنگترین پایە لە پێکهاتەی کەسایەتی پێغەمبەرمان(د.خ) ڕەوشتە بەرزەکانییەتی کە هاوشێوەیان نییە.

بنیاتی ڕستەیەکی سادەی وەسفییە و دو کردەی تێدایە کە کرداری ناتەواون بۆ کاتی ئێستا و باس لە کەسایەتی پێغەمبەری ئیسلام دەکرێت، بەڵام ڕستەکە خۆی لەبەر ئەوەی زۆرترین وەسفی لەخۆگرتوە، ئاوێتەکراوە و ئاڵۆز دەردەکەوێت.

٢)"ژیانی پیرۆزی پێشەوامان پڕە لە وێستگەی ڕەوشت بەرزی، لەوانەش، خۆ بەکەم زانین لەبەر خودای گەورە، وەک بڕیارنەدانی و شوێنی تایبەت بۆ دانیشتن، نوستنی سەر بەڕە و حەسیر، خۆراکی سادە وەک هەژارانی ئوممەت،...".

جارێکی تر ئەم دەقە، بە کەمێک دەستکارییەوە، ڕێکیدەخەینەوە: (ژیانی پیرۆزی پێشەوامان، پڕە لە وێستگەی ڕەوشتبەرزی، لەوانەش خۆبەکەمزانین لەبەر خودای گەورە، وەک بڕیارنەدانی شوێنی تایبەتی دانیشتن، نوستنی سەر بەڕە و حەسیر، خۆراکی سادەی هەژارانەی ئوممەت،...). ئەم ڕستەیەش ڕستەیەکی پەسنییە، بۆیە ڕۆنانی ڕستەکە تەنیا یەک کرداری تێدایە کە کرداری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا، ڕستەیەک کە کردارەکەی ناتەواوبێت لە توانایدایە زۆرترین وەسف لەخۆبگرێت، درێژبونەوەی ڕستەکە لەبەر پێویستیی وەسفی زۆر درێژبوەتەوە.

٣)"هەرچی لەبەر دەستی بوایە ئەوەی دەخوارد، هاوکاری خێزانەکانی لەکاری ناوماڵداو خزمەتی ئەوانەیان کە ناساغ بونایە. هەروەها سڵاوکردن لە هەمو کەس تەنانەت منداڵانیش گەر بەلایاندا گوزەری بکردایە...". ئەم دو کردارە (دەخوارد، بکردایە)، یەکەمیان کرداری ڕابردوی بەردەوامە و هەڵگری سیفەتی پاتبونەوە و بەردەوامییە، وەسفی پێغەمبەر دەکات بەوەی (بەبەشی کەم ڕازی بو، هاریکاربو، خاکەڕا و بێهەوابو)، ڕستەکە بەهۆی هەڵگرتنی وەسفێکی زۆرەوە درێژبوەتەوە. دوەمیان کردارەکە لە ڕێژەی دانانیدایە. کردەکانی "دەخوارد، بکردایە" دو کردەن باس لە پەیوەندیی نێوانکەسیی پێغەمبەر لەگەڵ خێزان و خەڵکی دەوروبەری دەکەن.

٤)"زۆر بەسۆز بو بۆ منداڵانی ساواو بەسنگییەوە دەگرت . لە مانەو گشت ئاکارە بەرزەکاندا پێشەنگ بو بۆ هاوەڵان و گشت موسڵمانان". بنیاتی ئەم پارچە دەقە سێ ڕستەی وەسفییە و باسی بەسۆزیی پێغەمبەر دەکەن. کردارەکانی (بو، دەگرت، بو) هەر یەکەو وشەیەکی وەسفییان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە و پەسنەکان تەواو ئەرێنین:

| | | |
|---|---|---|
| بو(١) | ← | زۆر بەسۆز |
| دەگرت | ← | بەسنگەوەگرتنی منداڵ |
| بو(٢) | ← | پێشەنگیی لە ئاکاری بەرزاد |

دەقەوانەکە دەقێکی وەسفیی لایەندارانەیە و هەڵگری زمانێکی پڕ سۆز و نەرمونایانە، نەرمونیانی چاوگەکەی لە هاوئایینی و هاوگروپییەوە هاتوە، ئەمە وایکردوە بە ئاسانی پەی بە لایەنداریەکەی ببەین. زەقبونەوەی لایەندارییەکەی لەوێوە چاوگەی گرتوە ئەرکی وەسفکرنی پێغەمبەرێکی هەڵگرتوە، ئەرکی پێغەمبەر وەسفکردن لە دەقی ئاینیدا زۆر جار دەڕواتە سەرو ئاساییەوە، ئەرکەکە ناساندنی کەسێتییەکە، نوسەر و ئامادەکارانی دەقەکە بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن، زمانێکی وا بخەنەکار خۆیان وکۆی دامودەزگا ئاینی وگوتارە ئاینییەکان پێی/لێی ڕازیبن.

بۆ موسڵمانێکی سوننە، وەسفەکە وەسفی کەسێتییەکی هەژمونداره، هەژمونەکەی وێنەی مرۆڤێکی سەرو ڕەخنە و سەرو مێژوییە و خاوەنی دانپێدانانێکی خواییە. بۆیە جیاوازیی 'نێوانکەسی'ەکانی دانەرانی دەقەکە و پێغەمبەری ئیسلام ئەوەندە زۆرە ئەم دەقە وەسفییەی لێکەتوەتەوە، دەقەکە ئەرکی ئەوەیە وێنەی نمونەیی مرۆڤێکی باڵا و پێشەنگ-role modelلەناو ئاوەزمەندیی قوتابیدا جێگیربکات، وێنەی پێشەوایەکە و لەناو ئاوەزمەندیی شوێنکەوتوەکانی، بۆ ئەم وەسفە ئاسانترین بنیاتی ڕستە بۆ قۆناغی چواری سەرەتایی بریتییە لە چەند ڕستەیەک کردارەکانی کرداری ناتەواو بن، دارشتەی ڕستەی کرداری ناتەواو زۆر لەبارن بۆ ئەوەی زۆرترین وەسف لە ڕستەیەکدا لەخۆبگرن و ئەرکیان جوڵە و کردار نەبێت، بەڵکو تەنیا وەسفبێت. شێوازی وەسفیی لایەندارانە لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی ئاینییە. ئەرکی ئەم وەسفانە بۆ گۆشکردنی تاکە بەو جیاوازییە(نێوانکەسی-Interpersonal)یانەی دەبێت ئیمانداران لەگەڵ پێغەمبەرێکدا هەیانبێت کە لەتێگەیشتنی ئەواندا دەبێت ئەوە دابمەزرێت بەرزترین پێغەمبەر و دوا پێغەمبەرە، کەچی سەرەڕای ئەو پایە ئاینییەی هەر بەسادەیی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ماوەتەوە.

**مۆدالکاریی جێناوی کەسی:** بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەم (من/ ئێمە) دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە قسەکەر دیدگای کەسیی دەردەبڕێت. لە هەردو دەقەوانەی 'ئیسلام ئاینی بەزەییە' و 'کورتەیەک لەژیانی پێغەمبەری مەزن محمد (د.خ)'، بۆ وەسفکردنی (ئیسلام، خوا، پێغەمبەر، موسڵمان...)، بۆ دەرخستنی لایەنداری پشتی بە

بەکارهێنانی جێناوی کەسیی یەکەمی تاک و کۆ بەستوە. بۆ نمونە "گرنگترین پایە لە پێکهاتەی کەسایەتی پێغەمبەر**مان**..."(عەبدوڵا بابان و ئەوانی تر، چواری بنەڕەتی، ٢٠١٥: ٢٩). هەر لە دو دەقەوانە دەربڕاوەکانی(پێغەمبەر**مان**(چوار جار)، خۆشەویست**مان**(یەک جار)، پێشەوا**مان**(یەک جار)، ئازیز**مان**(یەک جار)) بەکارهاتوە. بەکارهێنانی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ و بەکارهێنانی زمانی پڕ سۆز بۆ باوەڕداران وا دەکات ئەم دەقەوانانە لایەندارانە نوسرابنەوە و سەرقاڵی لایەنداریین.

دەقەوانەکانی پەروەردەی ئیسلامی بەتەواوی دەقەوانەی پەروەردەیی لایەندارن، بۆیە بەئاسانیی جێناوە کەسییەکانی (من/ئێمە: م/مان) لەناو دەقەوانەکاندا دەبینن، هەر بۆ نمونە لە دەقەوانەی(ڕۆژی دوایی) ئەم پارچە دەقە وەردەگرین:"...لە بەر ئەوە داواکاری ئیسلام و پێغەمبەرە مەزنەکەی(د.خ) بۆ **ئێمە**ی موسڵمان ئەوەیە کاربکە**ین** بۆ ئەو ڕۆژەی کە نە منداڵ و نە پارە و نە هۆز و عەشیرت فریا**مان** ناکەوێت و تەنیا تێشو بۆ **ئێمە** خودا پەرستییە..."(عەبدوڵا بابان و ئەوانی تر، پۆلی نۆ، ٢٠١٤: ١٤)، لەم دەقە کورتەدا، چوار جار بەهۆی جێناوی لکاو و سەربەخۆی کەسی یەکەمی کۆوە جەخت لە لایەنداریی کراوەتەوە.

جیاوازیی سەرەکیی نێوان مۆداڵکاریی بابەتیی و مۆداڵکاریی کەسی لەوەدایە کە ئایا تایبەتمەندییە زمانەوانییە بەکارهێنراوەکان جەخت لەسەر پێشکەشکردنی بابەتیی زانیاریی بێلایەن دەکەنەوە (مۆداڵکاری بابەتخوازی) یان بۆچون و هەست و هەڵسەنگاندنە کەسییەکانی قسەکەر یان نوسەر دەگەیەنن (مۆداڵێتی خودخوازی). هەردو شێوازەکە بەشدارن لەو ڕێیانەی کە گوتار ڕەنگدانەوەی داینامیکیی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا و ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکان دەنەخشێنێت.

پرسی هێنانەوەی بەڵگە ڕێیەکە بۆ ئەوەی مۆداڵکاریی بابەتی بێت و پرسەکە بەگشتیی-Genericization بکرێت، بەڵام لەناو ئاوەزمەندیی ئاینیدا ئەم پرسە تایبەتە بەناوەوەی ئاین، چونکە یەکێک لە ڕێیە یەکلاکەرەوەکانی بەڵگە لەناو ئاوەزمەندیی ئاینیدا بریتییە لە هێنانەوەی بەڵگەی دەقی باڵا-دامەزراندن[4](قورئان، فەرمودە)، ئەم جۆرە بەڵگەیە تەنیا لەناو شوێنکەوتوانی ئەو ئاینەدا دەتوانێت پرسێک یەکلابکاتەوە و ببێت بە بەڵگە، لە دەرەوەی دامەزراوە ئاینییەکەوە ناتوانێت ببێت بە بەڵگە، بۆیە ئەم جۆرە بەڵگەیە بۆ باوەڕدارەکە ڕۆڵی مۆداڵکاری بابەتی دەبینێت، بەڵام بۆ کەسێک لە دەرەوەی دامەزراوە ئاینییەکە بێت ڕۆڵی مۆداڵکاری خودیی و لایەندرانە دەبینێت. کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی بەتەواوی پشتی بە بەڵگەی دەقی دامەزراندن بەستوە، ئەمە شێوازێکی بڵاوی ناو قەناعەتپێهێنانە ئاینییە خاوەن کتێبەکانە.

دامەزراوەی ئاینی"وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئاینیی کوردستان" و تەنانەت حزب و لایەنە سیاسیی ئیسلامییەکانی کوردستان[5] (وەک دامەزراوەی سیاسی) کتێبەکانی "پەروەردەی ئیسلامی" بێچاودێریی ئەوان دەستکاریی ڕێشەیی ناکرێن، ئەوان وەک دامەزراوەی خاوەن گوتار و هەژمون، دەسەڵاتیان بەسەر کۆنترۆڵکردنی دەقەوانەکان و کۆی کتێبەکاندا هەیە، ئەم دامەزراوانە دەیانەوێت لەناو پەروەردەدا لایەندارانە تاک لەسەر "پەروەردەی ئیسلامی" گۆشبکرێت، بۆیە لایەندارییەکی تۆخ لەناو کتێبەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

**ئەنجام:**

بە پشتبەستن بە دیدی "مایکل هالیدای" لە زمانەوانیی ئەرکیدا، لەم توێژینەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، لە دەربڕینی "نەریتی ئیسلامی و ئاقیە"دا دەقەوانە وەرگیراوەکانی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامیی قۆناغی بنەڕەتی، وەزارەتی پەروەردە، پشت بە دەربڕینی "جەمسەری" دەبەستن و کار لەسەر دەربڕینی "مۆداڵکار"انە ناکەن. ئەمەش ڕێ بۆ ئەوە خۆشدەکات بوترێت کار لەسەر پەروەردەکردنی ئاوەزمەندیی قوتابی بەو ئاراستەیە دەکەن کە ڕەهاگەر بێت و گرنگی بە

بیرکردنەوەی ڕێژەیی نەدرێت. دەربڕاوەکانی لە حوکمی ئەریّ و نەرێدایە و ناکەونە نێوان ئەم دو حوکمەوە، دەربڕاوەکانی (ئەگەرە، ڕەنگە، لەوانەیە، پێدەچێت...) کە ڕێژەیی دەگەیەنن، لە ناو دەقەوانەکانی باسکردنی نەریت و ئاقیەی ئاینیدا دەرنەکەوتون.

لە ئاستی "شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار"یشدا ئەوە دەردەکەوێت کە دەربڕینی جەمسەریی لە زماندا تاک بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوە ئامادەدەکات کە ڕەها و نادیموکراتی بێت و بڕوای بە یەک ڕێ و دەسەڵات هەبێت. لەبەرانبەردا زمانی مۆدالّکاری زمانی دەربڕینی ئاوەزمەندیی دیموکراتییە و بڕوای بە پێکەوەژیانی جیاوازییەکان هەیە. زاڵبونی دەربڕینی جەمسەری لەناو نمونە وەرگیراوەکانی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامیدا، ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە ئەم دەقەوانانە قوتابی بۆ قبوڵکردنی ڕژێمێکی هەژمونگەر ئامادەدەکەن، ئەو ڕژێمەی لە دەربڕینەکانیدا پشت بە دەربڕینی جەمسەریی زمان دەبەستێت، نەک دەربڕینی موداڵاکاریی زمان.

ئامادەکار و دانەرانی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی، ئەم کتێبانەیان وەک بابەتێکی زانستیی ڕوت دانەڕشتوە کە ئەرکی زانیاری گەیاندن بێت بە قوتابی، بەڵکو بۆ داڕشتنی ئیمانی قوتابی دایان ناوە، ئیمانێکی ڕەها و نارێژەیی، بەشێوەیەک دانەران و ئامادەکاران، لەڕێی دەربڕاوی لایەندارانەی زمانییەوە، وەک لایەندارێکی ڕون و بێچەندوچونی نەریتەکانی ئیسلام و ئاقییەی ئەم ئاینە دیدی خۆیان خستوتەڕو.

## سەرچاوەکان


ئەحمەد، مەحمود فەتحوڵلا و حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز، (٢٠١٨)، مود یان مۆداڵێتی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین- ساڵی پێنجەم، ژمارە (١٥)، کانونی یەکەم.

بابان، عەبدوڵا و ئەوانی تر، (٢٠١٣)، پەروەردی ئیسلامی، حەوتی بنەڕەتی، چاپی شەش، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان.

بابان، عەبدوڵا و ئەوانی تر ، (٢٠١٦)، پەروەردی ئیسلامی، هەشتی بنەڕەتی، چاپی شەش، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان.

بابان، عەبدوڵا و ئەوانی تر ، (٢٠١٥)، پەروەردی ئیسلامی، هەشتی بنەڕەتی، چاپی پێنج، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان.

بابان، عەبدوڵا و ئەوانی تر ، (٢٠١٨)، پەروەردی ئیسلامی، هەشتی بنەڕەتی، چاپی شەش، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان.

بابان، عەبدوڵا و ئەوانی تر ، (٢٠١٥)، پەروەردی ئیسلامی، چواری بنەڕەتی، چاپی پێنج، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان.

بابان، عەبدوڵا و ئەوانی تر ، (٢٠١٢)، پەروەردی ئیسلامی، پێنجی بنەڕەتی، چاپی شەش، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان.

بابان، عەبدوڵا و ئەوانی تر ، (٢٠١٤)، پەروەردی ئیسلامی، نۆی بنەڕەتی، چاپی شەش، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان.

فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵا، (٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر-چاپی یەکەم.

الوائلي، ا. د. عامر عبد زيد و الاخرون، (٢٠١٤)، اليوتوبيا و الفلسفة، الرابطة العربية الاكاديمية للفلسفة، لبنان، الطبعة الاولى.

شارودو، باتريك و منغنو، دومينيك، (٢٠٠٨)، معجم تحليل الخطاب، ترجمة حبد القادر المهري – حمادي صمود، المركز الوطني للترجمة، تونس.

Fairclough, N. (1992). Discourse and Social Change, Polity Press, Cambridge, UK.

Halliday M A K, Matthiessen C, (2004), An Introduction to Functional Grammar [M]. London: Edward Arnold.

Halliday M A K, (2014), Introduction to Functional Grammar, fourth edition, Routledge.


## پەراوێزەکان:

[1] هەر دەقێک لە کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی و سەرچاوە کوردییەکانەوە وەرگیراون و لەنێوان دو کۆمای بچوکدا دانراون، وەک خۆی دایدەنێینەوە، دەستکاری ڕێنوس و زمانەکەی ناکەین، بۆیە هەڵەی ڕێنوس و داڕشتنی زمانی ڕاستناکەینەوە.

[2] بۆ کارکردن لەسەر "مۆداڵکاری" لە زمانی کوردیدا دو توێژینەوە گرنگییان بەم بابەتە داوە، یەکیان بەشێکە لە تێزی دکتۆرای "ساجیدە فەرهادی" بەناونیشانی "ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی"، لە بەشی سێیەمدا بەناونیشانی "ڕستە و هاوبەشەکانی ئاخاوتن" لاپەڕەکانی ٨١ بۆ ١٠٠ ی بۆ ئەم باسە تەرخانکردوە، هەوڵیداوە مۆداڵکاری لە ئاستەکانی (ئەگەری، سەپاندن، ئارەزو، ئاسایی) ئاماژە پێبدات. توێژینەوەی دوەم توێژینەوەیەکی هاوبەشی "مەحمود فەتحوڵا ئەحمەد و خۆشناو عەزیز حەمەئەمین"ە، بەناونیشانی "مود یان مۆداڵێتی"، هەردو توێژینەوەکە ویستویانە دەرکەوتنی ئەو وشانەی مۆداڵکاریی لە زمانی کوردیدا دەنوێنن ڕونبکەنەوە، بەڵام هیچیان ڕاستەوخۆ نەهاتون بیری (ڕێژەگەری و ڕەهاگەری) پێ بخوێننەوە، هەروەها ڕاستەخۆ نەچونەتە سەر ئەوەی بون و نەبونی دەسەڵات لای نوسەر/قسەکەر چ ڕۆڵێکی هەیە لەناو ئەو دەربڕاوانەی مۆداڵکاری دەگەیەنن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە بۆ خوێندنەوەی بیری ڕەهاگەری و ڕێژەگەری و کاریگەریی دەسەڵاتی نوسەر/قسەکەر سود لە مۆداڵکاری وەربگرێت.

[3] گفتوگۆکان لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی، هەشتی بنەڕەتی، چاپی دوی ساڵی ٢٠١٦ وەرگیراون. نمونەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەناو دەقەوانەکانی ئەم کتێبەوە وەرگیراون، پشت بەو دەقەوانانە بەستراون کە لەسەر باوەڕمەندی و دامەزراندنی باوەڕی دینی دانراوە.

[3] زمانی پەروەردەیی لە ئاستی دەرونی و پەروەردەیی و ئاکاریی دەبێت ورد مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا بکات، یەکێک لەو سەرنجانەی لەسەر زمانی پەروەردەیی ئەم کتێبانە ئەوەیە کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە بەکاردێنێت کە "ناپەروەردەیی" خۆی دەنوێنێت، بۆ نمونە لێرەدا لەجێی "ژنێکی بەتەمەن"، "پیرەژن" بەکاردێنێت، لە چەندان شوێندا لەجێی منداڵێک باوکی لەدەستدابێت، "هەتیو" بەکاردێنێت. واتا بارکراوەکانی ئەم وشانە جێکەوتی نەرێنییان لەناو زمانی کوریدا هەیە، بۆیە بەکارهێنان و هەڵبژاردنی وشەکان کاری بیرکردنەویەکی پەروەردەییە کە دەسەڵاتی باشی بەسەر زماندا بشکێتەوە. لە چەند وانەیەیەکدا ڕۆڵی نەرێنی بە ژنی بەتەمەن دراوە، ئەمە لە ئاستە پەروەردەییەکەدا ڕۆڵی نەرێنی دەبینێت.

[4] دەقی باڵا-دامەزراندن: چەمکێکە "باتریک شارودو، دومینیک منگنو" هێناویانەتەئارا، بۆ ئاماژەدان بەو کتێب و بەرهەمانەی لەبارێکی نمونەیین و وەک نوسراوێک کە "گوتاری دامەزرێنەر"ی لەسەر بەرهەمدێت(معجم تحليل الخطاب، باشراف باتريک شارودو – دومينيک منغنو، ٢٠٠٨: ٦١).

[5] هەوڵێک هەبو بۆ زیادکردنی کتێبی "مێژوی ئاینەکان"، کە بڕیاربو لە پۆلی (١٠)ی ئامادەییەوە بخوێنرێت، ئەو کتێبە دەقەوانەکانی لەسەر بنەمای مۆداڵکاریی خودخوازیی نەنوسرابو، بەڵکو لەسەر بنەمای بابەتخوازی دامەزرابو. لە ١٥ی ٨ی ٢٠٢١، دامەزراوەی "یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان"، بە فەرمی، بە نوسراوی ژمارە (٥٩٤) سەرلەبەری پێشنیازەکەی ڕەتکردەوە. "یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان"یش لە زاری ئەمیندارەکەیەوە لە ڕۆژی ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ بە قبوڵنەکراو وەسفی کرد، وکۆمەڵێ دادگەریی ئەم هەوڵانەیان ڕەتکردوەوە و لابردنی کتێبی پەروەردەی ئیسلامییان بە هێڵی سور زانی. دامەزراوەی وەزارەتی ئەوقافیش، لە زاری بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر، لە ٤ی ٧ی ٢٠٢٢ ڕەتیکردەوە. هەر زوتر، وەزارەتی پەروەردە لە وەڵامی لیژنەی کاروباری ئاینیی پەرلەماندا، بە بەیاننامەیەکی فەرمی، لە ٢٤ی ١٠ی ٢٠٢١ ئەم پرسەی ڕەتکردەوە.